نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا کرد

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا کرد.

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکدا لەگەڵ ستیڤن هیچن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاریکاریی هاوبەشی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی سیاسیی عێراق کێبوونەوە.

لە بڕیاننامەیەکی نووسینگەی میدیایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، لە دیدارەکەدا باسیان لە پەیوەندی و کێشەکانی هەوڵێر ـ بەغدا و دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاڵنگارییانە کرد کە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەبێتەوە، لەمبارەوە هەردوولا جەختیان لە گرنگی و پێوستیی تەبایی و یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و یەکدەنگی و یەك هەڵوێستییان لە بەغدا کردەوە.

پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، هێرۆها دۆخی سوریا و کەمپی هێل و گرنگی پاراستنی سەقامگیری، دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جیی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.